# "بەشی پێنجەم"

## ( دەربارەی هەندێ ئەحکام تایبەت بە نوێژی ئافرەتانەوە )

خوشکی بەڕێز . دیارە کەنوێژ یەکێکە لەپایەکانی ئیسلام وەیەکەم پرسیارە لە قیامەتدا پرسیارمان لێبکرێت دربارەی . لەبەر ئەوە پارێزگاری لە نوێژەکانت بکە لەکاتی خۆیدا بەمەرجەکانیەوە و ئەرکەکانی و واجبەکانیەوە . خوای گەورە بەدایکانی ئیمانداران دەفەرموێت ﴿....... وأَقِمن الصَّلَاةَ وآتِين الزكَاةَ وأَطِعن الله ورسولَه .....﴾ (سورة الاحزاب:٣٣) . وەئەم فەرمانەش بۆ گشتێتی‌یە بۆ هەموو ئافرەتانی موسڵمان . چونکە نوێژ ڕوکنی دووەمی ئیسلامە بە تەرك کردنی جیاوزی هەیە لەنێوان زانایاندا هەندێکیان دەفەرموون پێی کافر دەبێت و لە ئیسلام پێی دەچێتە دەرەوە و هەندێکیشیان دەفەرموون ئەگەر بڕوای پێبێت ئەوە پێی کافر نابێت بەلاّم لە سەر لێواری تیاچوونە . چونکە بەڕاستی گومان دەکرێت لە دینداری کەسێك کە نوێژ نەکات چی ئافرەت بێت یان پیاو . وە دواخستنی نوێژێك لە کاتی خۆی بەبێ بوونی هیچ عوزرێکی شەرعی بریتیە لە (إضاعة) کردنی ئەو نوێژە واتە بەفیڕۆدانی خوای گەورە دەفەرموێت ﴿فَخلَف مِن بعدِهِم خلْف أَضاعوا الصَّلَاةَ واتبعوا الشهواتِ فَسوف يلْقَونَ غَيّاً﴾ (سورە مریم:٥٩) واتە کۆمەڵێك دوای ئەوان دروست بوون نوێژەکانیان دەفەوتاند وە شوێن دونیا دەکەوتن بۆ ئەوانە سزایەکی توند هەیە . هەروەها ئیبن کثیر (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە تەفسیرەکەیدا دەفەرموێت واتای (إضاعة کردنی نوێژ) واتە دواخستنی کاتەکەیەتی بەوەی کە کاتێك نوێژەکەی دەکات کە کاتی نەماوە . وە تەفسیری ووشەی (غيا) کە ئەنجامەکەیەتی و پێی دەگەن ئەگەر تەوبە نەکەن بەوە دەگەن کە خەسارەت مەندی‌یەیان دۆڵێکە لە دۆڵەکانی دۆزەخ) خوا پەنامان بدات . کە بەداخەوە ئەو حاڵەتە لەناو موسوڵمانانندا زۆرە کە دەبینین یان دەبیستین زۆر موسوڵمان هەیە نوێژی بەیانی لەگەڵ نیوەڕۆدا دەکات گوایە قەزای دەکاتەوە یان لەوە خراپتر موسوڵمانی واهەیە کە هەر حەڤدە ڕکاتەکە لە عیشادا بەسەر یەکەوە دەکات ! ولا حول ولا قوة إلاّ بالله . وە بەنسبەت نوێژی ئافرەتانەوە هەندێ ئەحکام هەیە تایبەتە بە ئافرەتانەوە جیای دەکاتەوە لە پیاوان . وە بەم شێوەیە ڕوون دەکرێتەوە:-

١- بۆ ئافرەتان بانگ و قامەت نی‌یە . چونکە بۆ بانگ پێویست بە دەنگ بەرزکردنەوە دەکات ، وە بۆ ئافرەتان دەنگ بەرزکردنەوە دروست نی‌یە وە لە (المغني)دا إبن قدامة المقدسي دەفەرموێت هیچ جیاوازی‌یەك لەم بارەیەوە نازانم .

٢- هەموو لاشەی ئافرەت عەورەتە لە نوێژدا جگە لە دەم و چاوی نەبێت . وەلە لەپی دەست و پشتی دەستی و پێیەکانیدا جیاوازی زانایان هەیە ، ئەوە ئەگەر نامەحرەم نەبێت بەلاّم ئەگەر نا مەحرەم ئەیبینی ئەوا واجبە کە دایان بپۆشێت . هەروەك چۆن واجبە لەسەری جگە لەنوێژدا دایان بپۆشێت لە کاتی ئامادەبوونی پیاوان کە نامەحرەمبن پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت (لايقبل صلاة حائض يعني من بلغن الحيض إلاّ بخمار) (رواه الخمسة) واتە خوای گەورە نوێژی ئافرەتێك وەرناگرێت کە گەیشتبێتە حاڵەتی (حيض) کە بە خمارەوە نەبێت . (خمار) واتە داپۆشینی سەرشانەکان و گەردنی . وە أم سلمة (ڕەزای خوای لێبێت) پرسیاری کرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئایا ئافرەتان نوێژبکەن بە (درع) و بخمار بغير إزار .

فەرمووی بەڵێ ئەگەر (درع)ەکە دەرخستنی پێیەکانی داپۆشێت (أبو داود و صَحَحَ الأئمة وقفه) ئەم دوو فەرموودەیەی سەرەوە بەڵگەن بۆ ئەوەی مەرجەکە سەروو شانەکانی لە نوێژدا داپۆشێت . وە جائیزە کە دەم و چاوی ئاشکرا بکات لەبەر ئەوەی زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەم مەسەلەیە ئەگەر نامەحرەم نەیبینێ ، شیخ الإسلام ابن تیمیة (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە (مجموع الفتاوی)دا بەرگی (٢٢) لاپەڕە (١١٣–١١٤) دەفەرموێت گەر ئافرەت بەتەنیا نوێژی کرد ئەوە واجبە خۆی داپۆشێت بەڵام جگە لەنوێژ حەڵاڵە بۆی سەری ڕووت بکات لە ماڵی خۆیدا ، چونکە جوانکاری لە نوێژدا مافێکی خوای گەورەیە ، هەروەك چۆن بۆ هیچ کەس نی‌یە طەواف بە دەوری کەعبەدا بە ڕووتی ئەگەر تەنانەت شەویش بوو . وە یان نوێژ بکات بە ڕووتی ئەگەر بەتەنیاش بێت وەهەروەها (فلیس العورة في الصلاة مرتبطة بعورة النظر لا طردا و عکسا) واتە : مەرج نیە ئەوە کە لە کاتی نوێژدا بۆ ئافرەت عەورەت بێت لە کاتی تریشدا جگە لە نوێژ هەر عەورەت بێت ئەمە بە گشتی بەو جۆرەیە. تەواو . وە هەر إبن قدامة لە (المغني)دا بەرگی (٢) لاپەڕە (٣٢٨) دەفەرموێت پێویستە ئافرەت هەموو لاشەی داپۆشێت لە کاتی نوێژدا وە ئەگەر شتێکی لێ دەربکەوێت نوێژەکەی دانامەزرێت مەگەر شتێکی زۆر کەمبێت وە ئەمە بۆچوونی (إمام مالك و إمام الأوزاعي و إمام شافعي)یە (ڕەحمەتی خوایان لێبێت) .

* ***تێبینی :*** بەڵام ووتە لە ئافرەتانی صەحابی‌یەوە هەیە کە بانگ و قامەتیان کردووە هەروەها ئیمامەتیشیان بۆ خۆیان کردووە بڕوانە (تمام المنة)(ص١٥٤)

٣– هەروەها المغني بەرگی (٢) لاپەڕە (٢٥٨) دەفەرموێت کە ئافرەت لە کاتی ڕکوع و سوجدەدا خۆی کۆدەکاتەوە خۆی بڵاونا کاتەوە و بە شێوەیەك قاچەکانی دەکاتە لای تەنیشتی ڕاستی لەجیاتی ئەوەی کە بە (التورك یان الإفتراش) دابنیشێت چونکە ئەوە داپۆشراوترە بۆ ئەو هەروەها ئیمامی نەوەوی ڕەحمەتی خوای لێبێت لە (المجموع) بەرگی (٣) لاپەڕە (٤٥٥)دا دەفەرموێت ئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە (المختصر)دا فەرموویەتی : جیاوازی نی‌یە لەنێوان پیاوان و ئافرەتاندا لە جێبەجێ کردنی نوێژدا جگە لەوە نەبێت کە بۆ ئافرەت چاکتر وایە کەلاشەی بهێنێتەوە یەك و سکی جووت دەکات بە ڕانەکانیەوە لەکاتی سوجدەدا چونکە ئاوا داپۆشراوتر دەردەکەوێت وە بەتایبەتی لە (رکوع و سجدە)دا وە بەگشتی لەهەموو کاتی نوێژدا .

٤– بە نیسبەت نوێژی بە کۆمەڵی ئافرەتان بە ئیمامەتی یەکێکیان ئەوا جیاوازی هەیە لە نێوان زانایاندا لەنێوان دروستێتی و نادروستێتی‌دا . وەزۆرینەیان لەسەر ئەوەن کە ڕێگری لەو مەسەلەیەدا نی‌یە لەبەر ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد بە أم ورقة (ڕەزای خوای لێبێت) ئیمامەتی بۆ کەس و کاری خۆی بکات (رواه أبو داود و صححه ابن خزیمة) وەهەندێکیان دەفەرموون بۆ نوێژی سوننەت دروستە بەڵام بۆ فەرز نا ، زیاتر ئەوە دەگەیەنێت کە دروستە بۆ زانیاری وەرگرتن لەم مەسەلەیەدا بگەڕێرەوە بۆ (المغنی) بەرگی (٢) لاپەڕە (٢٠٢) یان لە (المجموع)ی ئیمامی نەوەوی بەرگی (٤) لاپەڕە (٨٤–٨٥) هەروەها ئافرەت دەتوانێت دەنگ بەرز بکاتەوە لەکاتی قورئان و نوێژدا بەمەرجێك پیاوانی نا مەحرەم گوێیان لە دەنگی نەبێت.

٥– حەڵاڵە بۆ ئافرەتان کە بچن بۆ مزگەوت بۆ نوێژی جەماعەت لە مزگەوتەکاندا لەگەڵ پیاواندا ، بەڵام نوێژی ماڵەوەیان خێرترە بۆیان ، هەروەك ئیمامی مسلم (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە صەحیحەکەیدا دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) فەرموویەتی : ((ڕێگری لە ئافرەتان مەکەن لە هاتنیان بۆ مزگەوت)) هەروەها دەفەرموێت :

((لا تمنعوا نساءكم المساجد و بيوتهن خير لهنَّ))[1] واتە ((ڕێگری لە ئافرەتان مەکەن لە هاتنیان بۆ مزگەوت ، وەنوێژی ماڵەوەیان خێرترە بۆیان)) وە ئەوەی کە نوێژی ماڵەوەیان خێرترە بۆیان لەمزگەوت لەبەر ئەوەی داپۆشراوترە و دوور دەبن لە فیتنە . وەئەگەر چوون بۆ مزگەوت ئەوە مەرجەکە ئەم ئادابە شەرعییانەی خوارەوەی تێدابێت ...

أ- پێویستە کە خۆی بەتەواوی داپۆشێت بە جل و بەرگی شەرعی . خاتوو عائشة (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت ئافرەتان نوێژیان بەجەماعەت دەکرد لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) دوای کە دەڕۆیشتن بە جۆرێك کە بایان دەدا بە خۆیاندا نە دەناسرانەوە (متفق علیە)[2] .

ب- نابێت بەهیچ شێوەیەك خۆی بۆن خۆش بکات بەپێچەوانەی پیاوەوە کە سوننەتە خۆبۆنخۆش کردن بۆ پیاوان ، بەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت : (ڕێ لە ئافرەتان مەگرن بۆ مزگەوتەکان بەڵام بەبێ بۆنخۆش کردنبێت) . (رواه إمام أحمد و أبو داود) . هەروەها ئەبو هورەیرە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((هەر چ ئافرەتێك خۆی بۆن خۆش کرد بابۆ نوێژی عیشای داهاتوو نەیەتەوە)) (رواه إمام أحمد و مسلم وأبو داود) . زانای پایەبەرز ئیمامی شوکانی لە (نیل الأوطار)دا بەرگی (٣) لاپەڕە (١٤٠-١٤١)دا دەفەرموێت بەڵگەکان لەسەر ئەوەن کە کاتێك چوونە دەرەوەی ئافرەتان بۆ مزگەوتەکان شەرعیيە کە نەبێتە هۆی تاوان بۆ خۆیان و پیاوان ، وەکو بۆنی خۆش و ئاڵتوون یان هەر جوان کاریيەکی تری سەرنج ڕاکێش .

ج- پێویستە گەر چووە دەرەوە بە جل و بەرگی ڕازاوە و خشڵ و زێڕەوە نەبێت . دایکی ئیمانداران عائشة (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت (گەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوەی ببینیایە کە ئێمە دەیبینین ئەوە ڕێگری لە ئافرەتان دەکرد هەروەك چۆن (بني إسرائیل) ڕێیان لێگرتن) (متفق علیە) . ئیمامی شەوکانی لە (نیل الأوطار)دا لەسەر فەرموودەکەی عائشە (ڕەزای خوای لێبێت) کە دەفەرموێت (ئەوەی ببینیایە کە ئێمە بینیمان) دەفەرموێت مەبەس تیایدا بریتیە لە جوانکاری جل و بەرگ و خۆبۆن خۆش کردن و دەرخستنی جوانيیە چونکە لەسەردەمی خۆیدا ئافرەتان زۆر بە چاکی خۆیان دادەپۆشی هەروەها إمام ئیبن الجوزی (ڕەحمەتی خوای لێبیت) لەکتێبی (أحکام النساء)دالاپەڕە (٣٩) دەفەرموێت پێویستە لەسەر ئافرەت وریایی هەبێت لە چوونەدەرەوەدا تا بتوانێت چونکە ئەگەر لەخۆی دڵنیا بوو کەتووشی تاوان نابێت ئەوا خەڵك بەرامبەر ئەو تووش دەبێت ، وەئەگەر زەرور بوو بچێتە دەرەوە ئەوا دەبێت چاوە ڕێی ڕێپێدانی مێردەکەی بکات گەر هاوسەری بوو یان باوکی یان برای گەورەی وەهەوڵ بدات لەو ڕێگایانەوە بڕوات کە قەرەباڵغیان کەمترە ئەگەر توانی وە لەلای ڕێگاوە بڕوات نەك ناوەڕاستی ڕێگاکەوە . تەواو .

د- بۆکاتی جەماعەت ئەگەر یەك ئافرەت هەر خۆی بوو ئەوا تەنها لە پشت پیاوانەوە دەوەستێت بەو فەرموودەیەی ئەنەس (ڕەزای خوای لێبێت) کە دەفەرموێت کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) جەماعەتی بۆ کردین دەفەرموێت من و کوڕێکی تر کە هەتیو بوو لەپشتیەوە وەستاین لەماڵی خۆماندا وە دایکیشم کە (أم سلیم) بوو لەدوای ئێمەوە وەستا (رواه البخاري في صحیحه) . ((وەئەگەر ئافرەتان ژمارەیان زۆرتربوو لەیەکێك ئەوا بەڕیزێك یان ئەگەر زیاتر بوو بەچەند ڕیزێك لە دوای پیاوانەوە دەوەستن . چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) پیاوانی دەکردە

---

[1] صحیح عن ابن عمر صحیح أبي داود (٥٧٦) ، الإرواء (٥١٥) .
[2] البخاري (٨٦٧) .

پێش منداڵەکانەوە و ئافرەتانیش لەدوای منداڵانەوە . (رواه إمام أحمد) . وەلە ئەبو هورەیرەشەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی باشترین ڕیزی نوێژ لە پیاواندا ڕیزی پێشەوەیە . وەباشترین ڕیزی نوێژ لە ئافرەتاندا کۆتایی ڕیزەکانەوە خراپترینی ڕیزی ئافرەتان ڕیزی پێشەوەیانە (رواه الجماعة إلاّ البخاري) . لەهەردوو فەرموودەکەدا بەڵگەی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئافرەتان ڕیزی نوێژیان لەدوای ڕیزی پیاوانەوەیە وە نابێت بە تاك تاك و جیا ئەگەر لەدوای پیاوانەوە بوون ئیتر ئەگەر نوێژەکە فەرزیش بێت یان تەراویح .

هـ- ئەگەر لە جەماعەتدا إمام هەڵەی کرد ئەوا ئافرەتان بەڵێدانی لەپی دەستی ڕاستیان لەسەر پشتی دەستی چەپیان (إمام) ئاگاداردەکەنەوە بەپێی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) کە دەفەرموێت : ((ئەگەر هەڵەیەکتان کرد لەنوێژدا با ئافرەتان دەس بدەن بەیەکدا و پیاوان (سبحان الله)بکەن وەئەمە ڕێپێدانێکی کاتی‌یە بۆ ئەو لێدانی دەستە بەیەکدا لەکاتی نوێژدا لەکاتی ڕوودانی هەڵەدا : وەکو هەڵەی ئیمام ، وەبۆ ئەوە ئەم لێدانی دەستی بەیەکدا بۆ ئافرەتان دانراوە چونکە دەنگی ئافرەت سەرنج ڕاکێشەرە بۆ پیاوان بۆیە فەرمانی بەوە پێکراوە وەنابێت قسەی تێدابکات وەکو (سبحان الله)کەی پیاو .

و- کە کاتێك ئیمام سەلامی دایەوە ئەوا دەبێت ئافرەتان پێش پیاوان هەستن و بچنە دەرەوە لە مزگەوت .. وە دەبێت پیاوان دابنیشن و چاوەڕێ بکەن لە ڕۆیشتندا . بۆ ئەوەی تێکەڵاوی ڕوونەدات هەروەك (أم سلمة) (ڕەزای خوای لێبێت) ڕیوایەتی کردووە و فەرموویەتی (کاتێك سەلام دەدرایەوە لە نوێژی جەماعەت ئافرەتان هەڵدەستان بۆ ڕۆیشتن ، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵ پیاواندا هەندێك دەمانەوە وە کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) هەڵبستایە پیاوانیش هەڵدەستان بۆ ڕۆیشتن . ئیمامی (شوکانی) لە (نیل الإوطار)دا بەرگی (٢) لاپەڕە (٣٢٦)دا دەفەرموێت ئەم فەرموودەیە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە چاك وایە ئیمام ئاگای لە حاڵی موسوڵمانان بێت وە حساب بۆ ئەوە بکات کەڕێگر بێت لە هۆکارێك کە سەر دەکێشێت بۆ حەرام ، وە دوور کەوتنەوە لەشوێنێك کە گومانی تاوانی تێدایە وە ئەوەشی تێدایە کە تێکەڵاوبونی پیاوان لەگەڵ ئافرەتاندا حەرامە ئیمامی (نەوەوی) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە (مجموع)دا بەرگی (٣) لاپەڕە (٤٥٥)دا دەفەرموێت جیاوازی نوێژی جەماعەتی پیاوان و ئافرەتان لە چەند خاڵێکدایە .

***یەکەم :*** وەکو لەسەر پیاوان فەرزە لەسەر ئافرەتان فەرز نی‌یە .

***دووەم :*** ئیمامی ئافرەتان لەناوەڕاستی ڕیزەکەدا دەوەستێت لە ناو ڕیزەکەدا .

***سێیەم :*** ئافرەت لەدوای پیاوەوە دەوەستێت نەك بەتەنیشتی‌یەوە بە پێچەوانەی پیاوەوە.

***چوارەم :*** ئەگەر ڕیزیان لە دوای پیاوانەوە بوو ئەوا دواین ڕیزیان لە هەموو ڕیزەکانی تر خێرترە بە پێچەوانەی پیاوانەوە .

ز- دەرچوونی ئافرەتان بۆ نوێژی جەژن : لە أم عطیةوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێدەکردین کە لە نوێژی جەژنی ڕەمەزان و قورباندا دەربچین بۆ نوێژ (ئافرەتە ئازادەکان ، وە ئەوانەی کە لە حاڵەتی (حیض)دا بوون و کچە گەنجەکان) بەڵام ئەوانەی کە (حائض) بوون نوێژیان نەدەکرد بەڵام لە خێرەکەدا و دوعاکردنی موسوڵماناندا بەشداریان دەکرد ئیمامی شەوکانی دەفەرموێت لەم فەرموودەیەوە و فەرموودەکانی تردا . ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە شەرعی‌یە دەرچوونی ئافرەتان بۆ نوێژەکان لە (المصلی)دا بەبێ جیاوازی لەنێوان گەنج و پیر و کچ و ژن و (حائض)دا مەگەر عوزرێکی هەبێت و لە چوونەدەرەوەدا تووشی ناڕەحەتی ببێت (نیل

الأوطار) بەرگی (٣) لاپەڕە (٣٠٦)دا هەروەها شیخ الإسلام ابن تیمیة لە (مجموع)دا بەرگی (٦) لاپەڕە (٤٥٨–٤٥٩) دەفەرموێت بە ئافرەتانی موسوڵمانان ڕاگەیەندراوە کە نوێژەکانیان لەماڵەکانیاندا خێرترە لە چوونیان بۆ جومعە و جەماعەت جگە لە نوێژی جەژنەکان نەبێت کە فەرمانیان پێکراوە کە ئامادەبن لەو دوو نوێژەدا کەلەوانەیە لەبەر ئەم هۆیانەبێت خوای گەورەش زاناترە.

***یەکەم :*** ئەم دوو نوێژە لەساڵەکەدا دووجار هەیە بەپێچەوانەی جومعە و جەماعەتەوە.

***دووەم :*** ئەم دوو نوێژە لەجیاتی ناکرێتەوە بە جیاوازی لەنێوان جومعە و جەماعەتدا وەکو نوێژی نیوەڕۆی لە ماڵدا ئەوە جومعەیە بۆ ئەو . سێهەم : ئەم دوو نوێژە دەرچوونە بۆ دەشت بۆ زیکری خوای گەورە کە دەشوبهێنرێت بە (حەج)ەوە لە هەندێ ڕووەوە . هەر بۆیە جەژنی گەورە لەکاتی حەجدا لەیەك کاتدایە لەگەڵ حەجاجەکاندا . بەڵام شوێن کەوتوانی ئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) بەمەرجیان گرتووە کە ئەو ئافرەتانەی کە زۆر جوانن و هەیکەلی هەڵکەوتوون مەکروهە بچن بۆ نوێژی جەژن وە ئەو ئافرەتانەی کە دەچن واچاکە لەجل و بەرگێکدابن کە سەرنج ڕاکێش نەبێت وە جلێك لەبەر نەکەن کە دیاربن . وەدەبێت خۆیان بۆنخۆش نەکەن . ئەم حوکمە بۆ ئەوانەیە کە لەتەمەندان یان ترسی ئەوەیان نەماوە کەتووشی تاوان ببن . بەڵام ئافرەتی گەنج و یان جوان و سەرنج ڕاکێش ئەوان چاك نی‌یە چونیان بۆ نوێژی جەژنەکانیش چونکە ئەوانە ترسی ئەوەیان زۆرە کە خۆیان تووشی تاوان ببن یان پیاوان بەبۆنەی ئەوانەوە تووشی تاوان ببن . وە ئەگەر بووترێت ئەوە پێچەوانەی فەرموودەکەی پێشووە کە أُم (عطیة) ڕیوایەتی کردبوو ئەڵێین جێگیر بووە لە فەرموودەی صەحیحدا (صەحیحی بوخاری وموسلیمدا) کە عائشە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرموویەتی (ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەی ببینیایە کە ئێستە لە ئافرەتان دەبینرێت ئەوا ڕێگری لێدەکردن هەروەکو چۆن (بني إسرائیل) ڕێگرییان لە ئافرەتانی خۆیانیان دەکرد . وە ئاشکراشە هۆکارەکانی خراپە لەم سەردەمەدا زۆر زیاترە بە پێچەوانەی سەردەمی یەکەمی ئیسلام هەروەها ئیمام ئیبن الجوزی لە کتێبی (أحکام النساء) لاپەڕە (٣٨)دا دەفەرموێت ئەوەمان ڕوون کردەوە کە دەرچوونی ئافرەتان بۆ نوێژەکان و جەژنەکان حەڵاڵە بەڵام ئەگەر ترسی ئەوەیان هەبوو تووشی تاوان ببن بۆخۆیان یان خەڵك لەوانەوە ئەوا نە چوونیان لەچوونیان خێری زیاترە ، چونکە ئافرەتانی سەردەمی یەکەم زۆر جیاوازیان هەبوو لەگەڵ ئافرەتانی ئێستادا هەروەها پیاوانیش ، واتا تەقوایەکی زۆر زیاتریان هەبوو) خوشکی موسوڵمانم لە گەیاندنی بۆچوونی ئەم زانایانەوە دەرکەوت شەرعیەو دروستە چۆن بۆ نوێژی جەژنەکان بەمەرجی نیەت بۆ خوا بوون و بوونی تەقواو لە خوا نزیك بوونەوە ، وە بەشداری کردن لە دوعای موسوڵماناندا و دەرخستنی شیعارێکی‌تری ئیسلام کە نوێژی جەژنە ، دەبێت ئاگات لەوەبێت کە مەبەستت تیایدا دەرخستنی جوانی نەبێت خوای گەورە هەموو لایەك بپارێزێت .

**مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە بۆ سایتی بەهەشت**

www.ba8.org